# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت، ودەستی تەڕ کرد ومەسحی کرد بەسەر پەرچەمیدا، وبە سەر مێزەرەکەی وخوفەکانی

له موغیرەی کوڕی شوعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت، ودەستی تەڕ کرد ومەسحی کرد بە سەر پەرچەمیدا*، وبە سەر مێزەرەکەی وخوفەکانی». *(پەرچەم: لێرەدا مەبەست کۆتا شوێنی پێشەوەی مووی قژی کەسی ئاساییە لە سەردا، کە دەکەوێتە سەرەوەی ناوچەوانەوە)
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

موغیرەی کوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی ئەوە دەدات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی دەستنوێژگرتندا دەستی تەڕ کرد ومەسحی کرد بەسەر پەرچەمیدا کە مەبەست لە پەرچەم لێرەدا کۆتا شوێنی پێشەوەی مووی قژی کەسی ئاساییە لە سەردا، کە دەکەوێتە سەرەوەی ناوچەوانەوە، پاشان مەسحی کردە سەر مێزەرەکەی، وهەروەها مەسح کردن لەسەر خوفەکانیش* سونەتە، هەروەکو لەم فەرموودەیە ولە فەرموودەی تریش هاتووە. *(خوفەکان: وەکو گۆرەوی وان لە پێ دەکرێن بەڵام لە پێست -جلد- دروستکراون)

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8382

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee